سەرۆك وەزیران جەختدەكاتەوە لە پەیوەندییە دووقۆڵییەكان لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی

ئەمڕۆ شەممە محەممەد شیاع سودانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران خواستی عێراقی دووپاتكردەوە بە هەنگاونان بە پەیوەندییە هەمەلایەنەكان لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی.

لە ڕاگەیەندراوەكی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیراندا هاتووە : بەچاودێری و سەرپەرشتی سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەكدارەكان محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ شەممە لەبەغدا كارەكانی لیژنەی باڵای سەربازی هاوبەشی نێوان عێراق و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆكایەتی ئەمریكا دەستیپێكرد، بە پێداچوونەوە بە ئەركی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە بەرەنگاربوونەوەی داعش، دوای سەركەوتنی عێراق بەسەر بەهێزترین گروپە تیرۆریستییەكانی جیهان.

لە ڕاگەیەندراوەكەدا ئاماژە بەوە كراوە كە پسپۆرانی سەربازی بەرپرسیار دەبن لە تەواوكردنی ئەركی سەربازی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، دوای دە ساڵ لە دەستپێكردنی ئەم ئەركە، و سەركەوتنی گەورە لە بەدیهێنانیدا، بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە ئەمنی و سەربازییەكانی عێراق، و دوای ئەم كبوونەوەیە كارەكانی لیژنەی باڵای سەربازی (HMC) لە ئاستی سێ گروپدا دەست پێدەكات وگروپەكانی كار بریتین لە: (ئاستی هەڕەشەكانی داعش)، (پێداویستی ئێپراسیۆنەكان و بارودۆخییەكان)، و (بەهێزكردنی تواناكانی گەشەسەندنی هێزە ئەمنییەكانی عێراق).

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە : لەبەر ڕۆشنایی ئەم پەداچوونەوەیە، خشتەیەکی کاتیی دیاریکراو دادەڕژرێت بە کەتایبەتنان بە ئەرکی سەربازی هاوپەیمانییەکە، و گواستنەوە بە پەیوەندییە ئەمنییەکانی دوو قۆڵی نێوان عێراق و ئەمریکا و وڵاتانی هاوبەشی هاوپەیمانییەکە، و بەپەیوەندی دوولایەنەی گشتگیر لەگەڵ ئەم وڵاتانە، لە هەمان کاتدا پابەندبوون بە ڕێکخوتنی چوارچێوەی ستراتیژی کە لە نێوان عێراقدا و ئەمریکا ساڵی 2008اژە کراوە و هەروەها پابەندبوون بە سەلامەتی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە قەناغی دانوستان لە سەرتاسەری وڵاتدا و بە پاراستنی سەقامگیری و ڕێگریکردن لە پەرەسەندن.

سەرۆك وەزیران پەزانینی خۆی بە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەربڕی بە ئەو هاوکاریانەی کە پەشکەشی عێراقی کرد لە شەڕی دژی چەتە تیرۆریستییەکانی داعش، هەروەها خواستی عێراق بە هەنگاونان بە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەگەڵ هەموو وڵاتانی هاوپەیمانی.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە : سەرۆك وەزیران پەشوازی لەم ڕێکخوتنە کرد، کە لە ئەنجامی ساڵەك گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی کەبوونەوەی هاوبەش ئەنجامداراوە، هاوکات بەشکە لە جێبەجێکردنی بەرنامە حکومییەکەی حکومەت و ئەو بەڵێنانەی کە لەبەردەم خەڵکدا داوە و ویستی عێراق بە هەنگاونان بەرەو پەیوەندییە هەمەلایەنەکان لەسەر بنەمای هاوکاری و دەستایەتی نێودەوڵەتی، لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانی، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

سەرۆك وەزیران پێش دەستپێکردنی دیالۆگ لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی سەرپەرشتی کەبوونەوەیەکی کرد کە سەرکردە سەربازی و ئەمنییەکانی نوێنەرایەتی جەرە جیاوازەکانی هێزە چەکدارەکانی عێراقی تێدابوو، کە ڕێنماییەکانی بەڕێزیان لەخۆگرتبوو سەبارەت بە ڕەوتی دیالۆگەکە و چی پێویستە بە داهاتوو قەناغ. پاراستنی سەروەری و پاراستنی ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەی بەدەست هاتووە و پێویستی دابینکردنی کەشوهەوا بە بەردەوامبوون لە پلانەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و بیناسازی.